کاك عومەر .. خوشکە سارا.. پێم خۆشە ئەم زانیاریانەم لە ماڵپەڕە ئەزیزەکەتان بۆ بڵاوبکەنەوە..
بەڵکو لەڕێی یارمەتی ئەو براو خوشکە کوردەکانی دەرەوەی وڵات، ژیانی کۆرپەکەم لەمردن ڕزگار بکەم..
زانیاریەکان دەربارەی ژیان و گوزەرانی خۆم و کۆرپەکەم:

---

براو خوشکە بەڕێزەکان ..

خوێنەرانی سایتی کوردستان نیتی بەڕێز..

سڵاو لەهەمووتان..



ئازیزان من "ناوم کامەران عەزیز احمد"ە، لەدایکبووی 1976 هەولێر.. ئێستاش لەهەولێر دادەنیشم و ژنم هێناوەو خاوەنی سێ منداڵم، کاری ڕۆژانەم "کاسبی"یە.. کوڕە گەورەکەم کە ناوی دیلمانە و ئەمەش وێنەکەیەتی.. تەمەنی "شەش ساڵ و نیوە"، "نیو لا دڵی" ئیش دەکات.. دکتۆر پێمانی گووە تەمەنی بگاتە "نۆ ساڵان" ئەوسا ئەو منداڵە دەمرێت.. منیش چونکە بێ پارەو پولم و دەستم کورتە ناتوانم ئەو نەشتەرگەرییەی بۆ ئەنجام بدەم، دێوەزمەی مەرگی لێ دوور بکەمەوە، بۆیە ڕەنگە بگاتە ئەوکات و گەر خوا نەکات دیلمانی کوڕم بمرێت.. ئەوا مردنی دەبێتە کەسەر لەسەر دڵم، چونکە نەمتوانی هیچ بۆ ئەو پەپولەیە بکەم لەم دونیایەی عەولەمەو ئەنتەرنێت و تەکنۆلۆژیایە..

ئەو نەشتەرگەرییە لە بەغدا ئەنجام دەدرێت، بەڵام بەڕێژەی نەجاحی (50٪) واتە ئومێد کەمە، بەڵام هەر باشترە لەوەی من ڕۆژ بژمێرم تاکو دەگەینە "نۆ ساڵان" و ئەوسا کۆرپەکەم ماڵئاوایمان لێ بکات و بەخاکی بسپێرم..

تکایە هەر کەس ئەم نامەیەم دەخوێنێتەوە.. بە هاوڕێیەکی بڵێت و بەو شێوەیە بەڵکو بتوانم هەندێ پارە بێتە دەستم و ئەو منداڵەم لەو مردنە ڕزگار بکەم.. من ئومێدم زۆرە ئەو دەرگایەی وا لێ دەدەم لێم داناخرێت، بەڵکو لێی دەچمە ژوورەوە.. گەر بە پارەش نەبێت، ئەوا هەر ڕێگەچارەیەکی گونجاو گەر ئێوە بەباشی دادەنێن بۆم بدۆزنەوە بەڵکو بتوانم دیلمان لە مردن ڕزگار بکەم..

من ئەمە ئیمێڵمە "kameranaziz@yahoo.com" و ژمارەی تەلەفۆنەکەشم "4462592"..
گەر هەر کەس بیەوێت هاوکارو یارمەتیم بدات..